
نەتەنیاهۆ: هۆداوەکانی 7ی ئۆکتۆبەر ئیسرائیلییەکانی یەکخست و تا بەدیهێنانی ئامانجەکانمان بەردەوام دەبین



بنیامین نەتەنیاهۆ، سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل ئەمڕۆ پێنجشەممە ڕایگەیاند، شەڕ لە غەزە و ناوچەکە "کۆتایی نەهاتووە"، دەشڵێت، "هۆداوەکانی 7ی ئۆکتۆبەر ئیسرائیلییەکانی یەکخست و تا بەدیهێنانی ئامانجەکانمان بەردەوام دەبین".

بنیامین نەتەنیاهۆ لە میانی مەراسیمێکی فەرمیدا بۆ یادکردنەوەی ئەو سەربازانەی لە شەڕی غەزەدا کوژراون، ڕایگەیاند، ئیسرائیل "هەمو ئەو ئامانجانە بەدەست دەهێنێت کە بەدوایدا دەگەڕا" لەو شەڕەدا.

ئاماژەی بەوەشکرد، دوژمنانی ئیسرائیل درکیان بەوەکردوە، "هۆداوەکانی 7ی ئۆکتۆبەر ئیسرائیلییەکانی یەکخست، بەڵام شەڕەکە کۆتایی نەهاتوە، هەرکەسێک دەست لە دژی ئێمە بەرز بکاتەوە باجەکەی دەدات".

نەتەنیاهۆ درێژەی بە قسەکانیدا و وتی، "ئێمە بەیارمانداوە گیانەوەی هەمو بارمتەکان مسۆگەر بکەین"، ڕەتیکرد دوای ئەوەی حەماس ڕایگەیاند، کە هەمو تەرمی ئەو بارمتانەی گیاندوەتەوە کە توانیویەتی دەستیپێبگات، هەروەها پێویستی بە کەرەستەی تایبەت دەبێت بۆ وەرگرتنەوەی تەرمەکانی ماوەتەوە.

ئەوەشی خستەوو، ئیسرائیل "گەیشتە لوتکەی چیای هرمون لە سووریا و ئاسمانی تاران"، لە کۆتایدا جەختی لەوکردەوە کە هەوڵەکان بەردەوام دەبن "تا تەرمی هەڵنراوەکان دەردەهێنرێنەوە و ئامانجەکانی شێ بە تەواوی بەدیدەت".